
# چەند هەڵەیەکی دیکەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ



**پێنجشەممە** 6.10.2011

**دەرسیم ڕەحمان فەرحان**
Darsim2006@hotmail.com

**هەڵەی یەکەم:** لە گۆشەی (ئەمڕۆ لە مێژوودا)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، کە تایبەتە بە ڕووداوە مێژووییە گرنگەکانی کوردستان، ناوچەکە و جیهان، ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی نوێ لە ڕێکەوتی (7.8.2011)دا نووسیویانە: (1933 سوپای عیراق بەهاوکاری فرۆکە جەنگییەکانی بەریتانیا هێرشێکی گەورەی کردەسەر شارۆچکەی سمێل و دەوروبەری، لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا پێنج هەزار هاووڵاتی ئاشوری ئەو ناوچەیە شەهیدبوون، ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی شەهیدانی ئاشوری ناونراوە؛ سەرچاوە: (کوردستانی نوێ، ژمارە (5551)، یەکشەممە، ڕێکەوتی (7.8.2011)، ئەمڕۆ لە مێژوودا، ل19).

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە هەم مێژووی ڕووداوەکە هەڵەیە و ڕێکەوتی (7.8.1933) نییە، بەڵکو (5.8.1933)یە، وە هەم ژمارەی قوربانییەکان هەڵەیە و زۆری خراوەتە سەر، کە پێنج هەزار کەس نییە، بەڵکو نزیکەی پێنج سەد کەسە، کە لە هەردوو باردا ژمارەی قوربانییەکان ژمارەیەکی زۆر زۆرە.

سەبارەت بە مێژووی ڕووداوەکە دکتۆر جەمال نەبەز، لە لاپەڕە (110)ی پەرتووکی (کوردستان و شۆڕشەکەی)دا باسی ئەوەی کردووە کە سوپای ئێراق، لە ڕێکەوتی (5.8.1933)دا پەلاماری ئاشوورییەکانی بادینان و موسڵی دا، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە دانیشتوانی سیڤیلیان لە ناوچەکەدا کوشت و بریندارکرد.

سەبارەت بە ژمارەی قوربانییەکان، مەحمود دورەی ئەفسەری سوپای ئێراق، لە لاپەڕە (179)ی پەرتووکی (القضية الكوردية)دا نووسیوێتی: (لەو پەلامارەدا بۆ سەر ئاشوورییەکان، (130) کوژراو و (80) برینداری لێکەوتەوە، ئەوە جگە لە بە کۆمەڵکوشتنی نزیکەی (500) ئاشووری سیڤیل لەناو شارۆچکەی سمێل و دەوروبەریدا).

کەچی ئاشووریەکان ژمارەی قوربانییەکانی خۆیان بە نزیکەی (600) کەس دادەنێن، کە زۆربەی هەرە زۆرییان ژن، منداڵ، پیر و پەککەوتە بووینە؛ سەرچاوە: (دەرسیم دیبەگەیی، مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی دووەم، ل71، لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە).

**هەڵەی دووەم:** ڕۆژنامەنووسی تایبەت بە بابەتی (ئەمڕۆ لە مێژوودا) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ڕێکەوتی (12.8.2011)دا نووسیوێتی: (1995 هەردوو زاوا و کچەکانی سەدام حوسێن، هەریەک لە حوسێن کامل وەزیری پیشەسازی عیراق، سەدام کامل-ی برای و هەردوو ژنەکانیان ڕەغدو ڕەنا عیراقیان بەجێهێشت و لە ئوردن گیرسانەوە، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک و بە بڕیاری لێبووردنی سەدام حوسێن گەڕانەوە عیراق و لەلایەن بنەماڵەی سەدامەوە هەردوو زاواکەی حوسێن کامل و سەدام کامل کوژران؛ سەرچاوە: (کوردستانی نوێ، ژمارە (5556)، هەینی، ڕێکەوتی (12.8.2011)، ئەمڕۆ لە مێژوودا، ل19).

حوسێن کامل حەسەن مەجید و سەدامی برای، لە ڕێکەوتی (7.8.1995)دا لە سەدام جیابوونەوە و ئێراقیان بەرەو ئوردەن بەجێهێشت، نەک وەکو ئەوەی کە ڕۆژنامەی کوردستانی نووسیوێتی گوایە ڕۆژی (12.8.1995) ئێراقیان جێهێشتووە. دواتر حوسێن کامل و براکەی لەسەر بەڵێن و لێبووردنێکی تایبەتی سەدام حوسێن لە ڕێکەوتی (19.2.1996)دا لەگەڵ خێزانەکانیان گەڕانەوە بەغدا، بەڵام لە پێنجەم ڕۆژدا واتە لە ڕێکەوتی (23.2.1996)دا هێزێکی سەدام بە سەرکردایەتی عەلی حەسەن مەجید، عودەی سەدام و قوسەی سەدام لە گەڕەکی سەیدیە-ی بەغدا، چوونە سەریان و هەردووکیان لەگەڵ حەکیم-ی برایان، باوکیان، خوشکێکیان و منداڵەکانیدا کوشتن. بەمەش ماوەی نێوانی ڕاکردنی دوو براکە و کوشتنیان دەکاتە شەش مانگ و نیو، نەک چەند ڕۆژێک وەکو ئەوەی کە ڕۆژنامەی کوردستانی

نوێ نووسیویەتی. جیاوازی نێوان چەند ڕۆژێک و شەش مانگ و نیویش جیاوازییەکی زۆرە، بۆیە ئەوە دەبێتە هەڵەیەکی زەقی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.

**هەڵەی سێیەم:** ڕۆژنامەنووسی تایبەت بە بابەتی (ئەمڕۆ لە مێژووودا) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ڕێکەوتی (14.8.2011)دا نووسیوێتی: (2007 لە ئەنجامی چوار تەقینەوە لە شارۆچکەی شەنگار–ی پارێزگای موسڵ، زیاتر لە (200) هاووڵاتی شەهیدبوون و (200) هاووڵاتی دیکە بریندابوون؛ سەرچاوە: (کوردستانی نوێ، ژمارە (5557)، یەکشەممە، ڕێکەوتی (14.8.2011)، ئەمڕۆ لە مێژوودا، ل19).
سەرەتا، پەلامارە خۆکوژیەکەی (14.8.2007)ی دەڤەری ئێزیدییەکان کە لە ڕێگای چوار کامیۆنەوە ئەنجام دران، لە کۆمەڵگاکانی (گرد عوزێر و سیپا شێخ خدری) سەر بە قەزای شەنگال ئەنجامدران، نەک وەکو ئەوەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نووسیویەتی، گوایە لە شارۆچکەی شەنگال ئەنجام دراون. دواتر سەبارەت بە ژمارەی قوربانییەکان، بەگوێرەی دەنگوباسی کەناڵە کوردییەکان کە بەرزترین ژمارەم وەرگرتووە، ئەم تەقینەوە تیرۆرستیانە بوونە هۆی شەهیدبوونی نزیکەی (344) هاووڵاتی کورد و بێسەر و شوێنبوونی (77) هاووڵاتی و بریندابوونی (396)ی دیکە، بەڵام بوگوێرەی ماڵپەڕی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان (شەنگال یادی ساڵوەگەڕی کوژرانی 550 لە 2007 دەکاتەوە)، نووسیوێتی: (لە 14ی ئاب/ئۆگستسی 2007 هەردوو کۆمەڵگەی (گرد عوزێر و سیپا شێخ خدری) لە باشووری شارۆکەکە ڕووبەڕووی 4 تەقینەوەی هاوکات هاتنەوە و لە ئەنجامدا 550 کەس کوژران و زیاتر لە 800ی تریش بریندار بوون کە زۆرینەیان ئێزیدی بوون)، نەک وەکو ئەوەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نووسیوێتی، کە گوایە دوو سەد شەهید و دوو سەد بریندارن.

**هەڵەی چوارەم:** ڕۆژنامەنووسی تایبەت بە بابەتی (ئەمڕۆ لە مێژووودا) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ڕێکەوتی (17.8.2011)دا نووسیوێتی: (2003 تاوانبار عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە (عەلی کیمیایی) لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکرا، عەلی کیمیایی ئامۆزای سەدام حوسێن لە ساڵی (1987) لەلایەن سەدامەوە کرا بە سکرتێری نووسینگەی کاروباری باکوور و ساڵی (1988) تەواوی دەسەڵاتی لەو ناوچەیەدا گرتە دەست و سەرپەرشتی پرۆسەی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کوردی کرد؛ سەرچاوە: کوردستانی نوێ، ژمارە (5560)، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (17.8.2011)، ئەمڕۆ لە مێژوودا، ل19).
لێرەدا دووبارە ڕۆژنامەنووسی تایبەت بە گۆشەی ئەمڕۆ لە مێژوودا کەوتۆتە چەند هەڵەیەکەوە. سەرەتا عەلی حەسەن مەجید بە (عەلی کیمیاوی) ناسراوە نەک (عەلی کیمیایی)، دواتر ڕۆژنامەنووسی تایبەت بەو گۆشەیە جیاوازی نێوان نووسینگەی کاروباری باکوور و نووسینگەی باکووری ڕێکخستنەکانی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراکی ناکات، کە ئەوەی یەکەمیان دەزگایەکی حزبی سەر بەوەی دووەمیان کە بیرۆی حزبییە بووە و عەلی حەسەن بەرپرسی هەردووکیان بووە. عەلی حەسەن مەجید بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (160)ی ڕێکەوتی (29.3.1987)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کرا بە ڕازگری نهێنی نووسینگەی ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس و دەسەڵاتی ڕەهای پێدرا لە پێناوی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی حزبی ناوبراو لە کوردستاندا. عەلی کیمیاوی، هەر بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتەی بەپێی بڕیاری ژمارە (160)ی ساڵی (1987)دا کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پێیدابوو، لە ساڵی (1988)دا شاڵاوەکانی ئەنفالی جێبەجێکرد، هەڵەبجەی کیمیاباران کرد و نزیکەی (3500–4000) گوندی کوردستانی کیمیاباران و کاول کرد، نەک وەکو ئەوەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نووسیوێتی، گوایە ئەو دەسەڵاتەی لە ساڵی (1988)دا پێدرابێ.

**هەڵەی پێنجەم:** لە هەمان ژمارەی کوردستانی نوێ و هەمان لاپەڕەدا، ڕۆژنامەنووسی تایبەت بە بابەتی (ئەمڕۆ لە مێژوودا) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نووسیویێتی: (محەمەد چیاو حەق-ی سەرۆکی پاکستانی بە پیلانێکی نەخشە بۆ دارێژراو بەهۆی تەقینەوەی فڕۆکەکەیەوە تیرۆرکرا، محەمەد چیاو ساڵی (1924) لەدایکبووە، ساڵی (1976) بووە بە سەرۆکی ئەرکانی سوپای پاکستان، لە ساڵی (1977 تا ساڵی 1988) سەرۆکی پاکستان بووە؛ سەرچاوە: کوردستانی نوێ، ژمارە (5560)، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (17.8.2011)، ئەمڕۆ لە مێژوودا، ل19).

ناوی تەواوی سەرۆکی پاکستان (محەمەد زیائول حەق محەمەدکەڕەم) بووە نەک محەمەد چیاو حەق، کە لەنێوان (12.8.1924-17.8.1988)دا ژیاوە و دوای کودەتایەک لەدژی زولفەقار عەلی بۆتۆ لە ڕێکەوتی (5.7.1977)دا دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام لەنێوان (16.9.1978-17.8.1988)دا شەشەم سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە بووە، نەک وەکو ئەوەی کە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نووسیویێتی، گوایە لەنێوان (1977-1988)دا سەرۆکی پاکستان بووبێت.

**هەڵەی شەشەم:** ڕۆژنامەنووسی تایبەت بە بابەتی (ئەمڕۆ لە مێژوودا) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ڕێکەوتی (22.8.2011)دا نووسیویێتی: (1974 پاش ئەوەی گفتوگۆی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتی ئەوکاتەی عیراق بەبێ ئەنجام کۆتایی هات، زۆربەی خەڵکی کوردستان شارەکانیان بەجێهێشت و بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان کۆچیان کرد؛ سەرچاوە: (کوردستانی نوێ، ژمارە (5564)، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (22.8.2011)، ئەمڕۆ لە مێژوودا، ل19).

ئەوەی لە سەرەوەدا ئەو ڕۆژنامەنووسەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نووسیویێتی، هەڵەیەکی دیکەیە، چونکە هەر لە دوای گەڕانەوەی شاندی سەرکرایەتی شۆڕشی کوردستان لە بەغدا لە ڕۆژانی (9-1974/3/10)دا، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەجارێک شارەکانیان جێهێشت و پەنایان بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و دووره دەستی ڕژێم برد. ئەی فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعس لە ڕێکەوتی (24.4.1974)دا پەلاماری شاری قەڵادزە-یان نەدا و (163) کەسیان شەهید و نزیکەی (350) هاووڵاتی بێتاوانی شارەکەیان لە منداڵ، ژن و پیر بریندار نەکرد؟ هەر فڕۆکەکانی ڕژێمی سەدام لە ڕێکەوتی (27.4.1974)دا (43) کەسیان لە دانیشتوانی شارۆچکەی هەڵەبجە شەهید و (50) کەسیشیان بریندارکرد. هەر دوو ڕۆژ دواتریش لە ڕێکەوتی (29.4.1974)دا لە سەر پردی گەلالە (29) کەسیان شەهیدکرد. ئەو مێژووانەی سەرەوە کە فڕۆکەکانی ڕژێم بۆردوومانی شارەکانی کوردستان-یان کردووە، دانیشتووانی شارە گەورەکانی کوردستان و دێهاتەکانی دەوروبەریان لە سەرەوەی مانگێک دەبوو، شارەکان و دێهاتەکانیان جێهێشتبوو.

من پێم وایە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ یان ڕۆژنامەنووسی تایبەت بەو گۆشەیە، ڕۆژی پەلاماری شاری ڕەواندزی کە لە ڕێکەوتی (22.8.1974)دا لەلایەن ڕژێمی ئێراقەوە ئەو پەلامارە ئەنجام درا، تێکەڵ بە چۆلکردنی شارەکانی کوردستان کردووە، کە لەو ڕۆژەدا دانیشتوانی شاری ڕەواندز لەبەر هێرشی دڕندانەی ڕژێم بۆ سەر شارەکەیان، ئەو شارەیان بەتەواوی جێهێشت.

**هەڵەی حەوتەم:** ڕۆژنامەنووسی تایبەت بە بابەتی (ئەمڕۆ لە مێژوودا) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ڕێکەوتی (6.10.2011)دا نووسیویێتی: (*1925 پاش دامەزراندنی دەوڵەتی پادشایەتی لە عیراق و لەدوای ئەو ململانێیەی لەسەر ویلایەتی موسڵ دروست بوو، لە خولی بیست و حەوتەمین-ی کۆمەڵەی گەلاندا بڕیاری ئەوە درا ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عیراقەوە بلکێنرێت*؛ سەرچاوە: کوردستانی نوێ، ژمارە (5599)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (6.10.2011)، ئەمڕۆ لە مێژوودا، ل15).

لە ماوەی نزیکەی چوار مانگدا ڕۆژنامەنووسانی بابەتی (ئەمڕۆ لە مێژوودا) و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، بۆ سێیەم جارە و لە سێ مێژووی جیادا دەنووسن کە ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی ئێراقەوە لکێنرا. پێشتر لە لەژێر ناوی (چوار هەڵەی زەقی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ)دا، بەباتێکی ڕەخنەییم لە ڕێکەوتی (5.8.2011)دا لەسەر مێژووی هەڵەی

جاری یەکەم و دووەمی لکاندنی زۆرەملێیانەی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی ئێراق بڵاوکردەوە و دوای چەند ڕۆژێکیش هەمان بابەتم لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکرایەوە، ئێستاکە دەمەوێت وەڵامی هەڵەی سێیەمیان بدەمەوە سەبارەت بە هەمان پرس. بەڵام سەرەتا دەمەوێت هەرسێ مێژووە هەڵەکەی کوردستانی نوێ بنووسمەوە، ئینجا دواتر وەڵامی هەڵەکەی سێیەم جاریان بدەمەوە.

بۆ جاری یەکەم: لە گۆشەی (ئەمڕۆ لە مێژوودا)، نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ڕێکەوتی (5.6.2011)دا نووسیویانە: (*<u>1926 کێشەی ویلایەتی موسڵ یەکلایی کرایەوە</u>* بەبێ ئەوەی ڕێز لە ویست و رای گەلی کوردی عیراق بگیرێت، یەکلایی کردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ پێچەوانەی ئەو گفتوگۆ و بەڵێنانە بوو کە پاش تەواو بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی بە گەلی کورد درابوو، چونکە بەپێی ڕێکەوتننامەی سیڤەر دەبوایە گەلی کورد خاوەنی مافە سیاسیەکانی خۆی بوایە، بەڵام ڕێکەوتننامەی لۆزان ئەو گفتەی نەهێنایە دی و ویلایەتی موسڵ-ی بە دەوڵەتی تازە دروست بووی عیراق-ەوە لکاند - سەرچاوە: کوردستانی نوێ، ژمارە (5497)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (5.6.2011)، ل23).

بۆ جاری دووەم: لە گۆشەی (ئەمڕۆ لە مێژوودا)، نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ڕێکەوتی (5.7.2011)دا نووسیویانە: (*<u>1926 ئینگلیزەکان ویلایەتی موسڵ-یان خستە سەر دەوڵەتی تازە دروستکراوی عیراق</u>*، ئەو سەردەم ویلایەتی موسڵ شارەکانی کەرکوک و هەولێر و سلێمانی دەگرتەوە - سەرچاوە: کوردستانی نوێ، ژمارە (5523)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (5.7.2011)، ل23).

بۆ جاری سێیەمیش نووسیویانە: (وەکو ئەوەی لە هەڵەی حەوتەمدا لە سەرەوەدا ئاماژەم پێکردووە و پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات).

بەڕاستی ئەوە هەم هەڵەی ڕۆژنامەنووس و بەرپرسی ئەو گۆشەیە و هەم هەڵەی بەڕێوەبەرێتی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ-یە، لەلایەک کە بەڕێوەبەرێتی ڕۆژنامەکە (کەسانی شیاویان لە شوێنی شیاو دانەناوە)، لە لاکەی تریشەوە نەشارەزایی و ناووردبینی ئەوان دەردەخات کە کەسێکی شارەزا لە مێژوو بە نووسینەکاندا ناچێتەوە بەر لە چاپکردنیان و دوای چاپکردنیشیان بۆئەوەی ئەگەر هەر هەڵەیەک ڕوویدابوو، پۆزش بۆ هەڵەکانیان بێننەوە، چونکە ڕۆژنامەیەکی وەکو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەبێتە سەرچاوەی نووسینی چەندین بابەت، لێکۆڵینەوەی زانستی، مێژوویی، ئەدەبی و هتد، ناشکرێت ڕۆژنامەیەک کە دەکرێت بە سەرچاوەی توێژینەوەی زانستی و مێژوویی لە هەمان کاتدا تەژی بێت لە هەڵە.

بۆ ئەوەی لەوە زیاتر خوێنەرانی کوردستانی نوێ سەریان لێ نەشێوێت بەتایبەتی نەوەی تازە پێگەیشتوو یان ئەوانەی زانیاری زۆریان نییە لەسەر پرسی لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە دەوڵەتی ئێراق، دەمەوێت بەکورتی باسی چۆنیەتی و مێژووی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی ئێراق-ەوە بکەم.

سەبارەت بە پرسی لکاندنی ویلایەتی موسڵ، خولی سی و سێی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە نێوان (2 تا 28.9.1925)دا درێژەی بە کۆبوونەوەکانی داو کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ ڕاپۆرتی خۆی لە کۆبوونەوەی ڕێکەوتی (3.9.1925)دا بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان بەرزکردەوە و ڕاپۆرتەکە بەسەر تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان دابەشکرا و دوای واژۆکردن لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە، بەسەر میدیاداکانیشدا دابەشکرا. لەم دانیشتنەدا، گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتەکە کرا و هەر دوو لایەنی بەریتانی و تورکی سەرنج و تێبینیەکانی خۆیان پێشکەشکرد.

دواتر هەر سەبارەت بە پرسی یەکلاکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ، خولی سی و حەوتی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە نێوان (7 تا 16.12.1925)دا درێژەی بە کارەکانی خۆیدا، بەڵام دوای گفتوگۆیەکی چڕ و سەختی کۆبوونەوەی ڕۆژی (10.12.1925) لەسەر پرسی ویلایەتەکە، ئەندامانی ئەنجومەن گەیشتنە ڕێککەوتنێک لەسەر بۆچوونی (کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ)، بەوەی ئەو خاکانەی کە دەکەونە باشووری هێڵی برۆکسل بە ئێراقەوە بلکێنرێن، لەگەڵ داواکردن لە بەریتانیا لە پێناوی دابینکردن و گەرەنتیکردنی مافەکانی کورد و

ڕێوشوێنی دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییەکی ناوخۆیی کوردی کە مافەکانیان مسۆگەر بکات، بەڵام تورکیا قایل نەبوو. ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا، کۆبوونەوەیەکی تری کرد و سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان پێشتر داوای لە نوێنەری تورک (تۆفیق ڕوشدی بەگ) کردبوو، بۆ ئەوەی ئامادەی کۆبوونەوەی ئەم ڕۆژە بێت، بەڵام ناوبراو قایل نەبوو بەشداری کۆبوونەوەکە بکات. *لە ئەنجامدا ئەنجومەنی ناوبراو لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (16.12.1925)دا، لە کۆبوونەوەی ژمارە (37)ی خۆیدا لە جنێڤ و بە ئامادەبوونی (69) ئەندام لە کۆی (100) ئەندام، کە (37) ئەندام بە بەڵێ و (24) ئەندام بە نەخێر و (8) ئەندام بە کارتی سپی دەنگیان دا، هەروەها بە پشت بەستن بەو ڕێککەوتنەی کۆبوونەوەی پێشووی ئەنجومەن خۆی کە لە ڕێکەوتی (10.12.1925)دا کردبووی، لە هەمان کاتدا لەژێر پاڵەپەستۆی بەریتانیا و بڕیاری پێشوەختی ئەوان و تاڕادەیەک بە پێچەوانەی تەواوی ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی (کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ)، بەتایبەت بە پێچەوانەی (بەڵگەکانی ڕەگەزایەتی، مێژوویی و جوگرافی)، بە بڕیاری ژمارە (77)ی خۆی، ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی بەشێوەیەکی فەرمی بە ئێراقەوە لکاند* و هێڵی برۆکسلی وەکو سنووری کۆتایی نێوان هەر دوو وڵاتی ئێراق و تورکیا دەستنیشانکرد.

کەواتە بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ یان (باشووری کوردستان) کە خاک و نیشتمانی کوردە بە ئێراقی عارەبی، لە لایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بووە، نەک وەکو ئەوەی کە ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی نوێ سێ ڕێکەوتی جیای (5.6.1926) و (5.7.1926) و (6.10.1925)یان بۆ داناوە.